## مەنیج حەیران کێیە؟

ئەنوەر سوڵتانی



هەڵپەڕکێ , مەهاباد, سەرچۆپیکێش مەنیج حەیران

لە هەندێ کتێبی بیرەوەریدا ناوی « مەنیج حەیران» وەك ژنە گۆرانی بێژێکی موکریانی هاتوە(1) بەڵام نەمبینیوە کەس باسی ژیان و سەربهوردەی کردبێت ئەم دێرانەی خوارەوە واهەیە رووناکییەکی کەم بخەنە سەر ژیانی ئەو هونەرمەندە ناودار بەڵام نەناسراوە.

هاوینی ساڵی 1999 دایکم بۆ سەردانی ئێمە هاتبوە لەندەن. بۆزانیاری خوێنەر دەبێ بڵێم دایکم ئێستا تەمەنی هەشتاوچەند ساڵێکە و لە بۆکان دەژی. ئەو کات,کاك ئەمیری حەسەنپووریش لە کەنەداوە هاتبوە لەندەن و لەوێ چاوی بە دایکم کەوت, هەندێ بیرەوەری لە مەڕ رابوردووی بۆکان و رووداوەکانی ساڵی 1953ی بۆکان و دەوروبەری لێ تۆمار کرد ونوسخەیەکی شریتەکەشی دواتر ناردەوە بۆمن.

کاك ئەمیر هەروەها پرسیاری ئەوەی لێکرد ئایا کاتی خۆی هیچ ناوی مەنیج حەیرانی بیستبوو؟ دایکم بە لێبڕاوییەوە گوتی بەڵێ وئینجا هەندێ زانیاری لە سەر مەنیج حەیران دایە کاك ئەمیر. درەنگتریش, کاتێ کە گەڕایەوە بۆکان, من هەندێ شتی دیکەم بە تەلەفون لێ پرسی وئەوەی لە خوارەوە دەینووسم لە راستیدا سەرجەمی قسەکانی دایکمن لە گەڵ کاك ئەمیر و خۆم لە مەڕ مەنیج حەیران:

« منداڵێکی تەمەن 10-11 ساڵان بووم. ماڵمان لە سەر گۆلی مەردانبەگ بوو لە نزیك حەوزە گەورەی بۆکان ودراوسێ ماڵمان لە دوولاوە بنەماڵەی بەرێزی قزلجی بوون, لە لایەکەوە ماڵی خوالێخۆشبوو مەلا عەلی(2) و لە لایەکی ترەوە ماڵی رەحمەتی قازی کاکە حەمەی قزلجی(2). دایکی قازی کاکە حەمە ژنێکی نوورانی جێگەی رێزی خەڵك بوو لە بنەماڵەی سەیدەکانی زەمبیل و لەناو خەڵکدا بە ,, سەیدزادەی گەورە,, ناودەبرا.من ئەودەم لای سەیدزادەی گەورە دەرسی قورئانم دەخوێند.ژنێك لە ماڵی سەیدزادەی گەورە وەك کارەکەر ئیشی دەکرد کە لە عەینی کاتدا, دایەنی یەکێك لە کوڕەکانی قازی کاکەحەمە بوو وائێستا بە ناوی کاك ,, جەعفەری قزڵجی,,یەوە دەناسریت. ئەو ژنەش ناوی ,, خانم جان,, بوو وبە ,,خات خانم جان,, بانگ دەکرا, تا ئەم ساڵانەی دواییش هەر مابوو. ژنێکی رەزا سووك و بەرێز و حەیا بەخۆ,کە هەموو کەس خۆشی دەویست, مێردیشی نەبوو, خات خانم جان دەنگی خۆش بوو و جاروبارە لە مەجلیسی خانمەکاندا گۆرانی دەگوت بەڵام هەرگیز لای پیاوان گۆرانی نەگوت. خات خانم جان خەڵکی گوندی ,, رەحیم خان,, بوو لە نزیك میاندواو واتە لە نێوان میاندواو و بۆکان و لەوێوە هاتبوە بۆکان, بە هۆی داروسێیەتییەوە من رۆژانە خات خانم جانم دەبینی. رۆژێکیان خوشکێکی خات خانم جان لە رەحیم خانەوە هاتبوە بۆکان و من لە خزمەت سەیدزادەی گەورەدا بووم بۆ دەرس خوێندن, کە خوشکەکەی خات خانم جان هاتە خزمەت سەیدزادە و عەرزی کرد قوربان دەمەوێ بچم لە شاییەکاندا گۆرانی بڵێم چ دەفەرمووی؟ سەیدزادەی گەورە پێی تێك چوو و فەرمووی مەنیج! بۆکان جێگەی ئەم کارانە نییە. ئەگەر دەتەوێ گۆرانی بڵێی بچۆ بۆ سابڵاغ! ئەودەم بۆکان شارەدێیەك زیاتر نەبوو و ژیان تێیدا وەك دێهات دەچوو لە کاتێکدا سابڵاغ لە چاو بۆکان شارێکی گەورە بوو و واهەبوو ئەو چەشنە دیاردانە تێیدا عەیب نەبێ یاخود کەمتر عەیب بێت.

ئیتر من خات مەنیجم نەدیتەوە بەڵام بیستم کە چووبێت بۆ سابڵاغ. چەند ساڵ دواتر, باوکم خوالێخۆشبوو حاجی برایمی سەقزی, نێوانی لە گەڵ سەردار عەلی خان سەردارموکری,(3) کە دوایین سەرداری بۆکان بوو, تێك چوو و بەتۆراوی ماڵی پێچایەوە ورووی کردە ساباڵاغ. ئێمە

بۆماوەیەك لەوێ دەژیاین هەتا سەردار ناردی بە شوێن باوكمدا و دڵنەوایی كرد وئێمەش گەڕاینەوە بۆ بۆكان. لە ماوەیەكدا كە لە ساباڵغ بووین, رۆژێكیان لە حەوشە مەشكەیان دەژاند, كەسێك لە دەرگای ماڵمانی دا. ئێمە لەوێ غەریب بووین وهەر بۆیەش دەرگای ماڵمان دادەخست. دایكم چوە پشت دەرگاكەو گوتی كێیە؟ كەسەكە گوتی ,,من مەنیجم, مەنیج حەیران, دەرگاكەم لێ بكەوە حاجی ژن!,, دایكم گوتی خات مەنیج من دەرگا لە تۆ ناكەمەوە,دووكچی گەورەم هەن چۆن دەهێڵم یەكی وەك تۆ بێتە ماڵم! جا هەر ئەو رۆیشتنە بوو كە مەنیج حەیران رۆیشت وئیتر نەمبینیەوە.»

بیرەوەرییەكانی دایكم لە مەڕ مەنیج حەیران لێرەدا كۆتاییان دێت بەڵام واهەیە بتوانین لەو چەند دێڕە كورتە سەرەتایەكی باش بۆ ناسین ودیراسەكردنی ژیانی ئەو هونەرمەندە كوردە دابمەزرێنین:

یەكەم: مەنیج حەیران لە ئەسڵدا خەڵكی گوندی رەحیم خان بوە(4) و لەوێوە كۆچی كردۆتە بۆكان وپاشان مەهاباد. ناوبانگ پەیداكردنیشی هەر لە شاری مەهاباد بوە.

دووهەم: مەنیج حەیران خوشكی خوالێخۆشبوو,, خات خانم جان,, بوە, كە حكومی ئەندامێكی بنەماڵەی قازی كاكەحەمەی پەیدا كردبوو وتا كۆتایی تەمەنیشی هەر لە ناو بنەماڵەی ئەواندا مایەوە.توێژینەوە لە بنەچەكی خات خانم جان دەتوانێ بمانگەێنێتە ئەنجامێكی هاوچەشن لە مەڕ مەنیج حەیرانیش.

سێهەم: لە كۆمەڵگای بەربەست كراو و چوارچێوەداری سوننەتی ئەودەمی بۆكاندا, كاری هونەری وگۆرانی بێژی بۆژنان ناپەسەند وناشیرین بوە و مەهاباد بۆ ئەم كارە, گونجاوی زیاتری هەبوە- گەرچی لەوێش نابێ كارێكی ساكاربووبێت ودەرگانەكردنەوەی دایكەگەورەم لە مەنیج حەیران بێگوان بنەمایەكی,,ئەخلاقی,, هەبوە, واتە دەبێ ئەوهونەرمەندە هەژارە ناووناتۆرەی وای بەشوێنەوە بووبێت كە خێزانێكی سوننەتی بە باشی نەزانیبێ رێگەی ماڵی خۆیانی بدات. ئەوەش بۆ سەردەمی ژیانی ئەو لەو ناوچە تایبەتەدا شتێكی زۆر سەمەرە نییە.

چۆارەم: گەرچی لە بیرەوەرییەكانی دایكمدا ئاماژە بە ساڵ وتەئریخ ناكرێت, بەڵام بە پێوانەی ئەو راستیەی كە ماڵی باپیرەم ئەنجامی تۆراوی و دڵ ئێشی لە گەڵ ,,عەلی خانی سەردارموكری,, حاكم وخاوەن ملكی ئەودەمی بۆكاندا چوونەتە مەهاباد وهەر لە سەردەمی ژیانی ئەویشدا گەڕاونەتەوە بۆكان ئەگەر ئەو راستیەبگرینە بەر چاو كە عەلی خانی سەردار لە مانگی رەجەبی ساڵی 1311ی كۆچی هەتاوی بەرانبەر لە گەڵ مانگی ئوكتوبر ونضەمبری ساڵی 1932ی زایینی دا كۆچی دوایی كردبێت(4), دەبێ مەنیج حەیران لە دەوروبەری ساڵی 1932دا لە مەهاباد ژیابێت, خۆ ئەگەر بزانین كە خات خانم جانی خوشكیشی تا حەوت هەشت ساڵ پێش ئێستا هەرمابوو, دوور نییە مەنیج حەیران لە ناوە ڕاستی سەدەی بیستەم و تەنانەت ماوەیەك دوای ئەویشدا هەر زیندوو بووبێت,جا بەم پێیە, گونجاوە كە مەنیج حەیران لە ساڵانی ئازادی و سەربەخویی كۆماری كوردستان(1946) وپێش ئەویش هەوای سەربەستی كوردی هەڵمژیبێت و منداڵ ومێرمنداڵی ئەو سەردەمەش بە چاوی خۆیان مەنیج حەیرانیان بینیبێت و بەهەواڵی ئەوەش بزانن كە ئایا شووی كردوە و وەچەی لێ كەوتۆتەوە یان نا؟

هیوادارم خەڵكانی شارەزا وبەتایبەت كەسانێ كە ناسیاوی بنەماڵەی مەنیج حەیرانن و لە پێش هەموویاندا بنەماڵەی بەرێزی قزڵجی ئاوڕ لەو مەسەلەیە بدەنەوە و زانیاری خۆیان بخەنە سەر مەعلووماتە سەرەتاییانەی والێرەدا ئاراستە كران, با لە ئەنجامدا كەسایەتی وژیانی ئەو هونەرمەندە پێشڕەوە وەك سەدان و هەزاران كەسی هاوچەشنی

نەبێتە بڵقی سەر ئاو ونەكەوێتە بەر فەرامۆشی مێژوو.

هاوینی 2002 لەندەن

---

**1- بۆ نموونە, بڕوانە ,,ئاڵەکۆك,, بیرەوەرییەکانی مامە غەنی بلووریان و هەروەها,,خاطرات دکتر هاشم شیرازی,, و کتێبی ,, بنەماڵەی ماملێ لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی بنەماڵەی مامليدا,, نووسینی سمایلی ماملێ.**

**2- مەلا عەلی و مەلا محەمەد سادق قزڵجی(قازی کاکە حەمە), کوڕانی مەلا محەمەد حەسەنی قزڵجی بوون و سەیدزادەی گەورەش خێزانی مەلا محەمەد حەسەن بوو. نووسەر و خەباتگێڕی گەورەی کورد نەمر مەلا حەسەنی قزڵجی کوڕی مەلا عەلی بوە.**

**3- ,,عەلی خانی سەردارموکری لە مانگی رەجەبی ساڵی 1311دا لە شاری تەورێز کۆچی دوایی کردوە وجەنازەکەی براوەتەوە بۆکان ولەوێ نێژراوە,, من ئەم زانیارییەم لە لاپەڕە 257ی ,,تاریخ فرهنگ وادب موکریان بۆکان,, نووسینی خوالێخۆشبوو ابراهیم افخمی وەرگرتووە. کاك برایم دیاری نەکردوە ئەو ساڵی 1311یە, ساڵی کۆچی مانگییە یاخود بە دابی ئێران, کۆچی هەتاوی؟ گەرچی بە بۆچوونی من شتێکی بێگومانە کە دەبێ ساڵی 1311ی هەتاوی بێت لە بەر ئەوەی محەمەد حسێن خانی سەردار باپیرەی عەلی خان لە ساڵی 1331ی کۆچی مانگی لە لایەن عوسمانیەکانەوە, لە مەراغە ئیعدام کراوە و ئەویش دەکاتە ساڵی 1913ی زایینی, بەم پێیە, گونجاو نییە کە عەلی خان کوڕەزای بیست ساڵ پێش باپیری حکومەتی بۆکانی کردبێت و مردبێت! کەوابوو عەلی خان لە رەجەبی 1311ی هەتاویدا مردوە و ئەویش دەکاتە ئوکتۆبر یا نضەمبری ساڵی 1932ی زایینی.**

**4- گوندی رەحیم خان کوردنشینە و کەوتۆتە باشووری میاندواو و رۆژهەڵاتی چۆمی مەجیدخان. ئەو چۆمی مەجیدخانەش لە راستیدا هەمان چۆمی «تەتەهوو» یا «سیمینەروود»ە کە لە گەورکایەتیەوە دێت, بە بۆکاندا تێپەڕ دەبێت و ئینجا دوای میاندواو دەرژێتە گۆلی ورمێوە.**